# پریدیکات و پێکهاتەی ئارگۆمێنت

ڕێزان مەحموود حەمەساڵح*

**پریدیکات:** بەپێی ڕاوبۆچوونی زمانەوانان لەبارەی زاراوەی پریدیکاتەوە پێشنیازیان کردووە ((زاراوەکە بۆ ئەو کەرەستانەی ڕستە بەکاردێت، کە ئەرکیان دیاریکردنی ئەو کردارەیە، کە بکەر ئەنجامی دەدات)) (١)، بەو واتایەی هەموو کەرەستەکانی ڕستە جگە لەوە بە بەشی کردار کارا دەبن و دەیانگرێتەوە، یان ((بریتییە لەو کەرەستە زمانییەی، کە زانیاری دەربارەی یەکەیەک و پێوەندییەکانی ئەو یەکەیەی تێدایە، دەدەن)) (٢)، واتە پریدیکات وەک یەکەیەک بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ناواخنیدایە، کۆمەڵێک زانیاری دەدات، بۆ دروستکردنی پێوەندییە واتاییەکانی لەگەڵ یەکەکانی دیکەدا، کە وەک ئارگۆمێنت داوایان دەکات.

بەپێی جۆری پریدیکاتەکان ژمارەی ئارگۆمێنتەکانیش دەگۆڕێن، لەم ڕوانگەیەوە Aarts سێ جۆر پریدیکاتی جیاکردووەتەوە، کە بریتین لە (پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی، پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی و پریدیکاتی سێ جێکەوتەیی) (٣)، کە هەریەک لەم پریدیکاتانە بە پێکهاتەی ئارگۆمێنتەکەیەوە پەیوەستە.

ئارگۆمێنتەکانیش ئەو تەواوکەرانەن، کە پریدیکاتێک داوایان دەکات، یان ((ئەو بەشداریکەرانەن، کە هاوبەشی لە بارێک، یان چالاکییەکدا دەکەن و بەهۆی گوزارەیەکیشەوە دەردەبڕدرێن)) (٤).

ئەو ئارگۆمێنتانەی پریدیکات داوایان دەکات، دەبێت لە ڕووی فەرهەنگیی واتاییەوە، لەباریاندا بێت هەڵاوێردبکرێن، کەواتە هەموو بەشی کردارێک پێکهاتەیەکی ئارگۆمێنتی خۆی هەیە ((لە چوارچێوەی تیۆری دروستەی ئارگۆمێنتدا کردار بە چەشنی جیاواز پێوەندی بە پێکهاتەکانی دیکەی ڕستەوە هەیە، پێوەندییەکەیش بە واتای کردارەوە بەندە، بە دەربڕینێکی تر کردار پێوەندی سیمانتیکیانەی بەخشینی ڕۆڵە بابەتانەکان ئامادە و ڕێک دەخات.)) (٥)، واتە کردار وەک پریدیکات، بە دروستکەری پێوەندییە واتاییەکان دادەنرێت لە پێکهاتەی ئارگۆمێنتدا، دواتریش ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕۆڵە بابەتانەکان و بەخشینیان بە ئارگۆمێنتەکان. بۆ نموونە:

(١) کچەکە چیرۆکێکی نووسی.

لە نموونەی (١)دا NPی (کچەکە) بۆ کردارێکی وەک (نووسی)، دەتوانێت ڕۆڵێکی

واتایی کارا Agent وەربگرێت، بۆ ئەوەی چالاکی NPی (چیرۆک) ئەنجام بدات، NPی (چیرۆک) یش ڕۆڵی واتایی بابەت وەربگرێت. ((ڕۆنانی ئارگۆمێنتی کردارێک پێشبینی ژمارەی پێکهێنە پێویستەکانی کردارەکە دەکات، بەڵام مەرج نییە پێشبینی جۆرەکانیشیان بکات)) (٦)، چونکە ڕستە بێجگە لە ئارگۆمێنتەکانی کردار، لەوانەیە سەربار (٧)، یشی تێدابێت. پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کە ئارگۆمێنت دەربڕی ڕۆڵی بابەتانەیە و ئەو جێکەوتەیەش، کە دەتوانرێت ڕۆڵەکەی تێدا ببەخشرێت، جێکەوتەی ئارگۆمێنتە.

دەتوانین ئەو ئارگۆمێنتانەی پریدیکاتێکی وەک کردار وەریاندەگرێت، بەهۆی ژمارەوە لە فەرهەنگدا بیاننوێنین زانیاری سیمانتیکیش پەیوەست بە جۆری ڕۆڵە بابەتانەکانەوە نیشان بدەین، کە ((لە زمانەوانیدا بە ڕێگەی ئەلتەرناتیڤ ناسراوە)) (٨)، بۆ نموونە:

(٢) منداڵەکە کەوت.

/کەو/ V (کەوتن N) : [ < $NP_1$ کارا > ]

(٣) کچەکە کراسەکەی دڕاند.

/دڕان/ V (دڕاندن N) [< $NP_1$ کارا > ، < $NP_2$ کارتێکراو> ]

(٤) سەرکردەکە ئاڵاکەی بە دەست هەڵگرت.

/هەڵگر/ V (هەڵگرتن N) [ < $NP_1$ کارا > ، < $NP_2$ بابەت > ، < $PP_1$ ئامێر>]

(٥) ئەو لاسایی گیانداران دەکاتەوە.

/لاساییکر/ V ، (لاساییکردنەوە) [ < $NP_1$ کارا > ، < $NP_2$ بابەت > ]

(٦) شۆخان ترێکەی لە مێوەکە بە دایکی لێ کردەوە.

/ پێ لێ کرد/ V ، (پێ لێ کردنەوە )

[ < $NP_1$ کارا > ، < $NP_2$ کارتێکراو > ، < $PP_1$ سەرچاوە> ، < $PP_2$ ئامێر >]

(٧) من تۆ بە پیاو دەزانم.

/پێزان/ V ، (پێزانین) [ < $NP_1$ ئەزمونکار > ، < $NP_2$ سودمەند>، < $PP_1$ بابەت >]

## هێڵکاریی (١) ڕێگەی ئەلتەرناتیڤ بۆ نواندنی فەرهەنگی پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی

لە نموونەکانی (٢) و (٣) و (٤) و (٥) و (٦) و (٧)دا هێڵ بەژێردا هاتووەکان ئارگۆمێنتی دەرەکین. (بەپێی پێوەری سێتا، شوێنی هەموو ئارگۆمێنتێکی ناوەکی دەبێت بەناچاری پڕ بکرێتەوە و ڕۆڵێکی بابەتانە بدات، کە لە فەرهەنگدا دیاری دەکرێت، بەڵام پڕکردنەوەی شوێنی ئارگۆمێنتی دەرەکی لە کاتێکدایە کە VP ڕۆڵێکی دەرەکی بدات.) (٩)، بۆ نموونە:

(٨) ا. دادە دۆیەکەی ڕژاند.

ب. منداڵەکە کەوت.

پ. پێدەچێت باران بێت.

لە نموونەی (٨ -ا)دا پریدیکاتۆری (ڕژین) ڕاستەوخۆ بەسەر یەکێک لە دوو ئارگۆمێنت پێکهێنەرەکەیدا زاڵە، کە دەبێت ئەم ئارگۆمێنتە لە ڕووی واتایی و پێکهاتەییشەوە لە کردارەوە نزیکتر بێت، لەم ڕوانگەیەشەوە (دۆیەکە) لە ڕووی جێکەوتەوە و بەپێی سیما واتاییەکانی «+شل،+بێگیان» دەبێتە ئارگۆمێنتی ناوەکی و ڕۆڵی بابەتانەی (کارتێکراو)ی لە لایەن پریدیکاتۆرەوە پێ دەبەخشرێت. هەرچی ئارگۆمێنتی کارایی (دادە)یە دەکەوێتە دەرەوەی فرێزە کرداریەکەوە، ئەو کات (پریدیکاتۆر/ ڕەگی کردار و ئارگۆمێنتی ناوەکی- کارتێکراو) بە شێوەیەکی دارشتەیی ڕۆڵی بابەتانەی (کارا) بە ئارگۆمێنتی دەرەکی دەدەن، بەڵام لە نموونەی (٨ -ب)دا ئارگۆمێنتی ناوەکی بوونی نییە، (VP) ڕۆڵی بابەتانەی (کارا) بە (منداڵەکە) دەدات، هەروەها لە نموونەی (٨ -پ)دا (دەردەکەوێت کە حاڵەتی ئارگۆمێنتی دەرەکی زۆر ڕوون نییە) (١٠).

ئەگەر نموونەی (٨-ا) بە هێڵکاریی درەختی بنوێنین، ئەوکات دەبینین، ئەو ئارگۆمێنتانەی دەکەونە پێکهاتەی ڕستەکانەوە، ئارگۆمێنتە دەرەکییەکە لە جێکەوتەی کارادایە و ڕاستەوخۆ

لە ڕستەکە جیادەبێتەوە، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتە ناوەکییەی کە لە جێکەوتەی بەرکاردایە لە فرێزە کرداریيەکەوە جیادەبێتەوە.




**هێڵکاریی (٢) نواندنی پریدیکاتۆر و ئارگۆمێنتی ناوەکی و دەرەکی**

کردار دیارترین جۆری ئارگۆمێنت- داواکەرە و بەپێی سروشت و داواکارییەکانی خۆی، ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکانی هەڵدەبژێرێت. زۆر جار وا ڕێک دەکەوێت بەشە پێکهێنەکانی کردارەکە یەکێک لە کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی دیکەی جگە لە کردار بێت، بەڵام ((گرنگە ئەوە بزانرێت تەنیا کردارەکان پریدیکات/ ئارگۆمێنت - داواکەر نین، بەڵکوو (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دروستەی کرداربەندی)یش، دەتوانن وەک ئارگۆمێنت - داواکەر گوبکەن)) (١١)، زۆر لە توێژەران لەگەڵ کرداردا هەریەک لە (ناو، ئاوەڵناو و پێشناو)یش بە ئارگۆمێنت- داواکەر دادەنێن، هەندێکیان (ئاوەڵناوەکانیان بە ئارگۆمێنت- داواکەر داناوە و لەو ڕیزەدا باسیان لێوە کردوون) (١٢)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی تریان (چاوگ/ ناوی کرداری بە ئارگۆمێنت-داواکەر دادەنێن) (١٣)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان لەسەر هەندێکیان کۆکن و بەم جۆرە باسیان لێ کردووە:

٦- ئاوەڵناو: کاتیگۆرییەکی فەرهەنگییە و وەک جۆرێکی دیکەی ئارگۆمێنت داواکەر داوای ئارگۆمێنتێک، یان زیاتر دەکات، ئەویش بەپێی جۆری ئاوەڵناوەکە، ئەگەر هاتوو لە پلەی چەسپاودا بوو، ئەوە یەک ئارگۆمێنتی پێویستە و دەبێتە ئارگۆمێنتێکی یەک جێکەوتەیی، بەڵام ئەگەر هاتوو لە پلەی بەراورد، یان باڵادا بوو، ئەوە دوو ئارگۆمێنتی پێویستە و دەبێتە ئارگۆمێنتێکی دوو جێکەوتەیی. بۆ نموونە:

(٢٠) ا . شالیار زیرەکە.

ب. شالیار لە فامیار زیرەکترە.

پ. شالیار زیرەکترین قوتابییە.

ج. شالیار هەرە زیرەکی ئەم پۆلەیە.

ئاوەڵناوی (زیرەک) لە نموونەی (٢٠-ا)دا لە پلەی چەسپاودایە و ئارگۆمێنتێکی یەک جێکەوتەییە، بەڵام لە نموونەی (٢٠-ب)دا فرێزی (زیرەکتر) لە پلەی بەراورددایە و ئارگۆمێنتێکی دوو جێکەوتەییە، لە نموونەی (٢٠-پ، ج)دا لە پلەی باڵادایە و بە هەمان شێوە ئارگۆمێنتێکی دوو جێکەوتەییە. مەرجیش نییە ئەمە ڕەهایی بێت و بۆ هەموو ئاوەڵناوەکان ڕاست بێت، چونکە ئاوەڵناو هەن، لە پلەی چەسپاودا زیاتر لە یەک ئارگۆمێنت و لە پلەی بەراوردیشدا زیاتر لە دوو ئارگۆمێنت وەردەگرن. بۆ نموونە:

(٢١) ا- شالیار بۆ فامیار بە پەرۆشە.

ب- شالیار لە فامیار بۆ من بە پەرۆشترە.

لە نموونەی (٢١ - ا)دا ئاوەڵناوی پلەی چەسپاوی (بە پەرۆش) ئارگۆمێنتێکی دوو جێکەوتەییە، واتە دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، بەڵام لە (٢١- ب)دا (بە پەرۆشتر) لە پلەی بەراورددایە و فرێزێکی سێ جێکەوتەییە، واتە سێ ئارگۆمێنتی وەرگرتووە (١٤). ئەگەر سەرنج

بدەینە نموونەکان، لە زۆربەیاندا توێژەرەکان بۆ ڕوونکردنەوەکانیان پەنایان بردووەتە بەر ئەو نموونانەی تێیاندا کرداری ڕستەکە کردارێکی ناتەواوە، بەڵام بە ڕای ئێمە ئاوەڵناوەکە نییە، کە ئارگۆمێنت- داواکەر بێت، بەڵکوو کردارە ناتەواوەکەیە، کە خۆی بە فرێزێکی ئاوەڵناویدا هەڵواسیوە، ئەویش بەپێی جۆری فرێزە ئاوەڵناوییەکە بووە بە ئارگۆمێنت- داواکەرێکی یەک جێکەوتەیی وەک لە (٢٠ - ا) یان دوو جێکەوتەیی وەک لە (٢٠-ب، پ، ج) و نموونەی (٢١- ا) یان سێ جێکەوتەیی وەک لە (٢١-ب).

هەرچی مۆرفیمەکانی پلەبەندی ئاوەڵناو (تر، ترین) و (هەرە، لە هەموو) هەیە، دەبنە سەرێکی ڕێزمانی و ئاوەڵناوێک وەک تەواوکەر هەڵدەبژێرن و فرێزێکی ئاوەڵناوی دروست دەکەن.

٢- ناوی کرداریی وەک ئارگۆمێنت- داواکەر ڕەفتار دەکات، هەندێک جار پێویستی بە ئارگۆمێنتێک، یان زیاتر دەبێت، (لە زمانی کوردیدا لەبەر ئەوەی ناوی کرداری/ چاوگ مامەڵەی ناوی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا چەمک و ناوەڕۆکی کردار هەڵدەگرێت، بەڵام ئارگۆمێنت داواکەریشە)، بڕوانە نموونەی (٩)١٥:

(٩) هەڵکشانی ئاری بە کێوەکەدا.

لە نموونەی (٩)دا ناوی کرداری (هەڵکشان) پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە: ئارگۆمێنتی یەکەم کەسێکە، کە کارەکە ئەنجام دەدات، ئارگۆمێنتی دووەمیش کێوێکە، کە کەسەکە پێیدا هەڵدەگەڕێت.

ناوی کرداری لە نموونەی (٩)دا لە دروستەی فرێزێکدا ئەم ڕۆڵەی بینیوە، لەگەڵ ئەوەی دروستەی سینتاکسییە، بەڵام بەپێی مۆدێلی تیۆرییەکە و بنەمای گشتیی قوتابخانەکە لە شیکردنەوەی دانەکانی زمانیدا. ئەگەر بێتو هەمان نموونەی (٩) بگۆڕین و بیکەین بە ڕستە، ئەو کات (هەڵکشان) دەبێت بە ئارگۆمێنت- داواکراو، بەم جۆرە:

(١٠) ا. هەڵکشانی ئاری سەختبوو.

ب. هەڵکشانی ئاری بە کێوەکەدا، سەختبوو.

لە ڕستەکانی (١٠)دا کرداری (سەختبوو) کردارێکی تەواوی لێکدراوی تێنەپەڕە. ئەم جۆرە کردارانەش ئارگۆمێنت داواکەرێکی دوو جێکەوتەیین، ئەویش بەپێی سیما واتاییەکانی کەرتی یەکەمی کردارەکە جێکەوتەکانی دیاری دەکات. نموونەی ئەو جۆرە کردانەش (پەیدابوو، نوقومبوو، تەواو بوو.. تاد).

٣- ئاوەڵکردار و ئاوەڵکردارئاسا: ((هەندێک سەرەناو (Substantive)ی دیاریکراو هەن، وەک (سەر، ژێر، تەنیشت، خوار، ...) بە هەمان شێوە ئارگۆمێنت- داواکەرن و داواکراویان هەیە. نیشانە واتاییەکانی ئەم چەشنە سەرەناوانە لە نیشانە واتاییەکانی سەرەناوەکانی تر جیاوازن، ئەمانە ناوی ئاوەڵکردارین و داوای ناوێکی نا- ئاوەڵکرداری دەکەن، بۆ ئەوەی پێکەوە ناوێکی ئاوەڵکرداری دروست بکەن و لەڕێی پێشناوێکەوە لە ڕستەدا وەک ئاوەڵکردار بەکاربهێنرێن))، بۆ نموونە (١٦):

(١٢) من لە سەرمێز دادەنیشم.

هەر وەک ئاشکرایە ئاوەڵکردار لە زمانی کوردیدا کەم و سنووردارە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پەنا دەبرێتە بەر هەندێک لە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە و لە شێوەی فرێزی بەنددا ئەرکی ئاوەڵکردار دەبینن، دەکرێت بڵێین ئەم ناوە ئاوەڵکردارییانە بەشێکن لە کاتیگۆریی ئاوەڵکردار و لە سینتاکسدا دروست دەبن و

دەبن بە ئارگۆمێنت داواکراو لەلایەن سەرێکەوە حوکم دەکرێن و ڕوویەکی ڕوودانی کارەکە ڕوون دەکەنەوە، بۆ نموونە (بەپێی ڕۆڵی بابەتانە دەکرێت (شوێن، ڕێڕەو، سەرچاوە..تاد)ی کردار ڕوونبکەنەوە)(١٧)، وەک:

(١٣) ا. پێنووسی منداڵەکە لە ناو جانتاکەدا دۆزرایەوە.

ب.* پێنووسی منداڵەکە ناو جانتاکەدا دۆزرایەوە.

لە نموونەی (١٣- ا)دا ناوی ئاوەڵکرداری (ناوجانتا) شوێنی ڕوودانی کارەکەی ڕوون کردووەتەوە و وەک ئارگۆمێنت داواکراوێک لەلایەن سەرێکی حوکمکەری ڕۆڵ پێدەرەوە داواکراوە، کە پێشناوی (لە)یە، بەڵام لە نموونەی (١٣-ب)دا ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، چونکە فرێزی ناوی (ناو جانتا) لە لایەن هیچ سەرێکەوە حوکم نەکراوە.

وەک دەزانین پێشناو سەرێکی حوکمکەرە، پێوەندی پێشناو و تەواوکەرەکەی لە فرێزی پێشناویدا پێوەندییەکی بەردەوام و لێک دانەبڕاوە (لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار دەکرێت ناوە ئاوەڵکردارییەکان ڕۆڵی پێشناوەکان ببینن، ئەویش بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر تەواوکەرەکەی فرێزێکی دیارخەری بێت و فرێزە دیارخەرییەکەش بە یەکێک لە ناوە ئاوەڵکردارییەکانی (تەنیشت، بەرانبەر، دەوروبەر، پاش، پێش...تاد) دەرخرابێت، ئەوە پێشناو دەتوانرێت لاببرێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی ناوە ئاوەڵکردارییەکان هەمان نیشانەی «+شوێن» یان هەیە)(١٨) بۆ نموونە:

(١٤) ا. ماڵمان لە بەرانبەر میوەفرۆشەکەیە.

ب. ماڵمان بەرانبەر میوەفرۆشەکەیە.

(١٥) ا. ناوی من لە پاش ناوی تۆیە.

ب. ناوی من پاش ناوی تۆیە.

لە نموونەکانی (١٤) و (١٥)دا لە ڕووی واتاوە هەمان واتایان هەیە، هەرچەندە لە (١٤-ب) و (١٥-ب)دا پێشناوەکان لابراون، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەردووکیان سیمای واتایی شوێنیان هەیە، بۆیە نادروستی واتایی و ڕێزمانی لێ ناکەوێتەوە.

٤- پێشناو: پێشناویش کە یەکێکە لە ئارگۆمێنت - داواکەرەکان دەتوانێت ڕۆڵی بابەتانەی جۆراوجۆری وەک (ئامێر، سوودمەند، شوێن، ئامانج..تاد) بە ئارگۆمێنتەکانی ببەخشێت(١٩)، (پێشناوەکان هەرچەندە ئارگۆمێنت داواکەرن، بەڵام کۆتوبەندی واتاییان نییە، بۆیە لە ڕێگەی تەواوکەرەکانیانەوە کۆتوبەندیان بۆ دادەنرێت و نواندنی واتاییان بۆ دەکرێت، ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەیانەوەیە)(٢٠)، واتە واتای پێشناوەکان جێگیرن و هەژموونە واتاییەکەیان بە واتای تەواوکەرەکەیانەوە پەیوەستە، بۆ نموونە:

(١٦) ا. ڕاپۆرتەکەم بە کۆمپیووتەر نووسی. (ئامێر)

ب. بە منداڵی یاریم بە بووکەشووشە دەکرد. (بابەت)

پ. هەستی گوڵێکی پێشکەش بە هانا کرد. (سوودمەند)

ت. لە بازاڕ پارەکەم ون کرد. (شوێن)

د. لە ماڵەوە بەرەو زانکۆ بەڕێ کەوتم. (سەرچاوە)

لە نموونەکانی (١٦)دا دیارە کە پێشناوی (بە، لە) تەنیا ئەرکی سینتاکسییان جێبەجێ کردووە، بۆیە واتاکانیان بەپێی تەواوکەرەکانیان دەستنیشان دەکرێت، لە نموونەی (١٦-ا)دا ڕۆڵی ئامێر، لە (١٦-ب)دا ڕۆڵی بابەتانەی

بابەت، لە (١٦-پ)دا سوودمەند، لە (١٦-ت)دا شوێن و لە (١٦-د)دا ڕۆڵی بابەتانەی سەرچاوەی بە ئارگۆمێنتەکەی بەخشیوە.

جێگای ئاماژەپێدانە، ئێمە لێرەدا مەبەستمان تەنیا لە پێشناوە سینتاکسییەکانە، چونکە پێشناوە فەرهەنگییەکانی (پێ، تێ، لێ) ئارگۆمێنت-داواکەر نین. (پێشناوە فەرهەنگییەکانی (پێ، تێ، لێ) توانایی جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتە سینتاکسییەیان نییە، چونکە بە هەمان فۆرمەوە ناتوانن حوکمی فرێزێکی ناوی بکەن و دۆخی ڕێزمانیی پێ بدەن، لەبەر ئەوەیە ئەم پێشناوە فەرهەنگییانە بە پێشناوی درۆیینە/ ناڕاستەقینە ناوبراون) (٢١)، بڕوانە نموونەی (١٧):

(١٧) ا. من کتێبێکم بە شۆخان دا.

ب. * من کتێبێکم پێ دا.

لە (١٧-ا)دا پێشناوی (بە) دۆخی (پێشناوی) و ڕۆڵی (سوودمەندی) بە (شۆخان) داوە، بەڵام لە (١٧-ب)دا ڕێگەی پێ نەدراوە، چونکە پێشناوی (پێ) هەمان ڕۆڵی سینتاکسی نەدیوە. دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن، کە لە دروستەی ئەو کردارانەی لە فەرهەنگدا (پێ، تێ، لێ)یان لەگەڵدایە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا ئارگۆمێنت بۆ کردار زیاد ناکەن، ئەمەش بە پێچەوانەی پێشناوە سینتاکسییەکانەوەیە، بڕوانە بەراوردی نێوان نموونەکانی (١٨-ا،ب) و (١٩-ا،ب).

(١٨) ا. من بارەکانم بە کرێکارەکان داگرت.

بەرکار١ بەرکار٢

ب. من نامەکانم لە تۆ وەرگرت.

بەرکار١ بەرکار٢

(١٩) ا. پێــم داگرتـــن.

بکەر بەرکار٢

ب. لێـم وەرگرتـــیت.

بکەر بەرکار٢

لە (١٨-ا)دا کردار داوای دوو ئارگۆمێنتی بەرکاری کردووە، چونکە پێشناوە سینتاکسییەکەی دۆخێکی ڕێزمانی پێیە، لە کاتێکدا (١٩-ا) تەنیا یەک ئارگۆمێنتی بەرکاری هەیە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە پێشناوی فەرهەنگی هیچ دۆخێکی ڕێزمانی نادات و ناشبێتە بەربەستی پێدانی دۆخ. بەپێی پاڵێوەری دۆخیش ڕەگی کردارەکە دۆخی بەرکاری تەنیا بە یەک ئارگۆمێنت دەدات. لە ئەمەشدا دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان خۆیان لە دروستە سینتاکسییەکان جیادەکەنەوە، چونکە لە دروستە سینتاکسییەکاندا بەرکاری یەکەم گرنگە، بڕوانە (١٨-ا،ب)، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا بەرکاری دووەم گرنگە. بڕوانە (١٩-ا،ب).

٥- ئامرازی خستنە سەر

بە هەمان شێوە ئامرازی خستنەسەر جۆرێکی دیکەیە لە ئارگۆمێنت داواکەرەکان و حوکمی ئارگۆمێنتی پاش خۆی دەکات و لە پێکهاتەی ژێرەوەدا ڕۆڵی پێ دەبەخشێت و لە پێکهاتەی سەرەوەشدا دۆخی پێ دەدات، دەکرێت بڵێین فرێزی ناوی دوای ئامرازەکەش دۆخ، یان ڕۆڵ وەردەگرێت، بەڵام کاریگەری لە ئاراستەی پێدانی دۆخ لە زمانەکەدا ناکات، چونکە لە جێکەوتەیەکی بنجی و سەرەکی ڕستەکەدا نییە، بۆ نموونە:

(٢٠) دایکی شەهید فرمێسکی خوێنین دەڕێژێت.

لە ڕستەی (٢٠)دا ئامرازی خستنەسەری (ی) وەک ئارگۆمێنت داواکەرێک، داوای ئارگۆمێنتێک دەکات تا حوکمی بکات، دەکرێت بڵێین ئارگۆمێنت - داواکەر هەمان ئەو سەرە ڕێزمانییانەن کە دەکرێت دۆخ و ڕۆڵ بدەن، بەڵام لە پێدانی ڕۆڵ

بەرانبەر بە دۆخ لە ڕێژە و ژمارەدا جیاواز کارەکە بەرجەستە دەکەن.

هەرچی سەبارەت بە کرداری ناتەواوە وەک ئارگۆمێنت داواکەر، لە بابەتێکی دیکەدا بە بەراورد بە زمانی عەرەبی باسی لێوە دەکەین.

ئارگۆمێنت- داواکراو: ئارگۆمێنت- داواکراویش ئەو فرێزە ناوی و بەندانەن کە بە پێوەندییەکی ڕێزمانی، یان واتایی بە ئارگۆمێنت - داواکەرێکەوە پەیوەست کراون، ((بە واتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش ئەو بەشانەی ڕستەن، کە هەواڵێک لەبارەیانەوە بەهۆی گوزارەیەکەوە ڕادەگەیەنرێت)) (٢٢).

کاتێک ئارگۆمێنتێک لە دروستەی قووڵدا هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی بۆ تەرخان نەکرابێت، ئەوە لە دروستەی ڕووکەشیشدا ناتوانێت هیچ دۆخێکی ڕێزمانی وەربگرێت، ((زاراوەی ڕۆڵە بابەتانەکان بۆ پێوەندییە سیمانتیکییەکان بەکار دەهێنرێت، کە بە بەپێوەندییەکانی دۆخ (ئەبستراکت)، یان پێوەندییە بابەتانەکان ناوبراون)) (٢٣)، لەوانەش «کارا» وەک ئارگۆمێنتێک کردەی کردارەکە چالاک دەکات، «کارتێکراو»، یان «ڕوودراو - بەسەرداهاتوو» وەک ئارگۆمێنتێک کردەی کردارەکەی دەکەوێتەسەر، «سەرچاوە» وەک ئارگۆمێنتێک سەچاوەی کردەی کردارەکەیە.. تاد) (٢٤)، کەواتە هەر ئارگۆمێنتێک بۆ ئەوەی بتوانێت لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخی ڕێزمانی وەربگرێت، دەبێت پێشتر لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەی پێ بەخشرابێت.

دەشێت بڵێین ئارگۆمێنت- داواکراو ئەو کەرەستە زمانییانەن، کە بەپێی تایبەتمەندیی ئارگۆمێنت- داواکەرەکان ڕێک دەخرێن و پێوەندییەکانیان لە پێکهاتەی قووڵدا بەپێی مۆدێلی سێتا و لە پێکهاتەی ڕووکەشدا بەپێی مۆدێلی دۆخ بۆ دیاری دەکرێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1-Bas Aarts, English syntax and Argumentation, Second Edition, Palgrave, (2001), p9.

2-V. J. Cook, Mark Newson, Chomsky's Universal Grammar, Second edition, Oxford: Blackwell, (1996), p164.

3-Bas Aarts, English syntax and Argumentation, (2001), p92-93.

٤- حاتەم ولیا محەمەد، پێوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، (٢٠٠٩)، ل٨٨.

٥- سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، (٢٠٢٠)، ل٥٦.

٦- حاتەم ولیا محەمەد، پێوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، (٢٠٠٩)، ل٨٩.

٧- سەربار Adjunct کەرەستەیەکی ئارەزومەندانەی ڕستەیە و دەکرێت لابرێت، بەبێ ئەوەی واتای ڕستە تێک بچێت، کە زانیاری سەبارەت بە ڕوویەکی ڕوودانی کارەکە (چۆنیەتی و کات و شوێنی ...... تاد) دەخەنەڕوو. بڕوانە: (شوان حەیدەر حەسەن، (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا. ل٣٠.

8 -Bas Aarts, English syntax and Argumentation, Second Edition, Palgrave, (2001), p 93.

٩ - سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، (٢٠٠٩)، ل١١٣.

١٠ - سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، (٢٠٠٩)، ل١١٤.

١١- سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسی

لـه زمانی کوردیـدا، (٢٠٢٠)، ل٥٤.

١٢- حاتـەم ولیـا محەمەد، پێوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، (٢٠٠٩)، ل٩١.

١٣- سـەباح ڕەشـید قـادر، هەنـدێ لایەنـی ڕێزمانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە (GB) لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠٠٩)، ل١١٨.

١٤- هـەژار حسـەین والـی، بەبەرهەمـی و هێـزی کردار لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠١٥)، ل٢٦.

١٥- سـەباح ڕەشـید قـادر، هەنـدێ لایەنـی ڕێزمانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە (GB) لـە زمانـی کوردیـدا، ( ٢٠٠٩)، ل١١٨.

١٦- هـەژار حسـەین والـی، بەبەرهەمـی و هێـزی کردار لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠١٥)، ل٢٧.

١٧- شـوان حەیـدەر حەسـەن، ڕۆنانـی فرێـزی ئاوەڵـکاری لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠١٥)، ل٣٠.

١٨- عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـروف، دروسـتەی فرێـز لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠١٠)، ل٦٧.

١٩- هـەژار حسـەین والـی، بەبەرهەمـی و هێـزی کردار لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠١٥)، ل٢٧.

٢٠- بژوێـن یحیـی محەمـەد، نواندنـی فەرهەنگـی لـە زمانـی کوردیـدا، زانکـۆی سـلێمانی، فاکەڵتـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، سـکوڵی زمـان/ بەشـی زمانـی کـوردی، (٢٠٢١)، ل١٩١.

٢١- محەمـەدی مەحویـی، ڕستەسـازیی کـوردی، (٢٠٠١)، ل١٧٨.

٢٢ - حاتـەم ولیـا محەمـەد، پێوەندییـە ڕۆنانییەکانـی نواندنـە سینتاکسـییەکان، ( ٢٠٠٩)، ل٨٥.

٢٣- شـیلان عومـەر، پێوەنـدی سـینتاکس و سیمانتیک لـە ڕێزمانـی کوردیـدا، (٢٠١٢)، ل٢٣٩.

٢٤- شـیلان عومـەر، پێوەنـدی سـینتاکس و سیمانتیک لـە ڕێزمانـی کوردیـدا، (٢٠١٢)، ل٢٤٠.

* ماستەر لە زمانی کوردی.